## بوونی سەرۆکێک بۆ کوردستان گرنگێتی لە کوێدایە؟ ... وەهاب شاە محەمەد



ئەزموونی پانزە ساڵی رابردوو، پاش ئازادبوونی کوردستانی باشوور و دامەزرانی دەسەڵاتێکی کوردی، پاشان ئەو رووداوە دڵ تەزێنانەی ناوەراستی ساڵانی نەوەت لە نێوان هێزە کوردستانێکان و رووداوە سیاسێکانی کوردستان و ناوچەکە گرنگی بوونی سەرۆکێک بۆ کوردستان دەردەخات. ئەو ئەزموونە دڵ تەزێنانەی کە بووە هۆی ناکۆکی نێوان لایەنە کوردستانێکان، گوومان و نائوومێدێکی گەورەی لەناو خەڵکی کورد، نەک تەنها لە کوردستانی باشوور درووست کرد، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی تر ئەویش لەبەر گرنگی گۆرانکاریە سیاسێکانی کوردستان و ناوچەکە. کوردستانی باشوور نەک تەنها هیوواو ئومێد بوو بۆ خەڵکی کوردستانی باشوور بەڵکو وەک رۆشنایێک بوو بۆ هەموو بەشەکانی تری کوردستان، چوونکە کوردستانی باشووریان بە سەرەتای گەیشتن بە خەون و ئامانجەکانی هەموو خەڵکی کورد دەزانن.
درووست کردنی دەسەڵاتێکی کوردی لەلایەن هێزە کوردستانێکانی باشوور، پاشان دامەزرانی پەرلەمانێک کە ساڵەهای ساڵ بوو خەونی هەموو کوردێک بوو، بەتایبەت ئەوانەی کە خەباتیان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایێکی مەدەنی و دیموکراسی جیاواز لە هەموو دەسەڵاتەکانی تری ناوچەکە دەکرد، ئەو کۆمەڵگایانەی کە ساڵەهای ساڵ میلەتانی خۆیان و کوردیان بە سیاسەتی دەسەڵاتی تاکایەتی و دیکتاتۆری دەچەوسانەوە، وای لە زۆر لەرۆشنبیرانی کورد ولایەنە سیاسێکان کرد، بەتایبەت ئەوانەی کە ژیانی هەندەران لە کۆمەڵگا دیموکراسێکان زەمینەێک و ئەزموونێکی سیاسی دەوڵەمەندی بنیاتنراو لەسەر بنەما مەدەنی و دیموکراتێکان لا درووست کردبوو، کە کورد بتوانێ کۆمەڵگایێکی کوردی لەوجۆرە بنیاتبنێ.

پەیدابوونی ئەو زەمینە سیاسیە مەدەنی و دیموکراسیە تازەیەی لای خەڵکی کورد زۆر لە هێزە سیاسیە کوردستانێکانی ناچارکرد کە بە رێژەێکی کەم گوێ رایەڵ بن بۆ ئەو فەلسەفە سیاسیە مەدەنی و دیموکراسیە تازەیەی خەڵکی کورد بەگشتی داواوی دەکات، بەڵام رووداوە سیاسیکانی ناوچەکەو جیهان رێگر بوو لە بەرامبەر گەیشتن بەو ئامانجانە، بەتایبەت ئەو رووداوە دڵ تەزێنانەی کە لایەنە کوردستانێکان لە هەردوو بەشەکەی باشوور و باکوور بەشداربوون تیای و رۆڵیکی گەورەیان بینی لە رووداوەکانی.
هۆیە دەرەکێکانیش رۆڵێکی گوەرەیان لە ئاڵۆزکردن و رێگاگرتنیان هەبوو لە بنیاتنانی ئەو کۆمەڵگا مەدەنی و دیموکراسیەی کورد، بەتایبەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کە بەهیچ جۆرێک رازی نەبوون خەڵکی کورد کۆمەڵگایێکی لەوجۆرە بنیات بنێت، چوونکە بوونی کۆمەڵگایێکی کوردی لەوجۆرە پاڵپشتێکی دەرەکی گەورەی بۆ دەبێت، بەتایبەت لە دنیای پێشکەوتووخواز و دیموکرات، بۆیە بە هەموو هێزێکی سیاسی و سەربازی خۆیان فشارو و هەرەشەی گەورەیان دەخستە بەرامبەر دامەزرانی کۆمەڵگایێکی کوردی لەوجۆرە. وڵاتی تورکیاش یێکی بوو لەو وڵاتانەی کە هەموو هێزێکی خۆی خسبووە گڕ بە هاوکاری وڵاتانی تری داگیرکەری کوردستان بۆ رێگاگرتن لەو پرۆسە دهیموکراسیە سیاسیەی، کە خەریک بوو لە کوردستانی باشوور بەرپا دەبوو، گەشەی بۆ درووستکردنی زەمینەێک دەکرد بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایێکی مەدەنی و دیموکراسی.

هێزە كوردستانێكان، بەتايبەت ئەوانەى كە رۆڵيكى گەورەيان لە رووداوە سياسيە دڵ تەزێنەكان دەبينى، بە تايبەت لايەنە سەرەكێكان، بەهۆى نەبوونى رۆشنبيرێكى سياسى و پەروەردەێكى سياسى لاى ئەندامەكانيان كە بەرژەوەنديە گشتێكان كاريگەرى دەروونى گەورەى لەسەر كاروو و خەباتيان هەبێ، وە لەسەرووى هەمووشيانەوە بەرژەوەندى ميلەت و وڵات، رووداوەكانى ئاڵۆزتر دەكرد، رێگاشى بۆ دەست تێوەردان لە لايەن هيزە دەرەكێكان خۆشتر دەكرد.

پەرلەمانى تازە دامەزراووى كوردستان كە بە تاكە هێزێكى ياساى شەرعى لە كوردستان دادەنرا، ببوە هيواو ئومێدى خەڵكى كورد و چاوەروانى ئەوەى لێدەكرا كە رۆڵێكى گەورە بگێرێ لە ئاساى كردنەوەى بارەكە، پاشان برياردەرى سەرەكى بێت بەرامبەر رووداوە سياسيە دڵ تەزێنەكان، بوو بە قوربانى ئەندامبوون و لاينگيرى كوێرانەى هێزە سياسێكان، بۆيە هيواى خەڵكى كورد بەم پەرلەمانە و رۆڵى لە قەيران و كێشە سياسێكانى نيوان هێزە كوردستانێكان هەر لەسەراتاوە نەماو مرد. خەڵكى كورد و بێگانە پەرلەمانيان بە تاكە دەسەڵاتى شەرعى چاولێدەكرد، لەوباوەرەشدا بوون كە دەتوانێ هێڵێكى سوور بێت بۆ هەموو لاينەكان، رێگاش نەدات لەوە زياتر رووداوەكان ئاڵۆزتربێت، بەڵام بەداخەوە ئەم پەرلەمانە وەك پڵنگێكى بێ ددان لە دەست وپێ كەوت و هيچ رۆڵيكى ئەوتۆى لە رووداوەكان نەبينى و خەڵكى كورديش لە هەموو بەشەكان وەك دەزگايێكى بێدەسەڵاتى و ديلى دروستكراووى لايەنە سياسێكان چاولێدەكرد، لە كاتێكدا دەبووايە پەرلامان تەنها مەرجەعيەت بووايە بۆ هەموو لايەنەكان و هەمووش بە چاوێكى رێز و بەرز بريارەكانيان جێبەجێ بكردايە.

نەبوونى مەرجەعيەتێك لاى خەڵكى كورد و لاينە سياسێكان گوەرەترين كێشەى ساڵانى رابردوو و ئێستايە، بێ بوونى مەرجەعيەتيش كە هەموو لايەنەكان رووى لێبكەن لە كاتى قەيرانە سياسێكان و بريارە ستراتيجێكان، يان رووداوە دڵتەزێنەكان كە مەترسى دەخاتە سەر مافە سەرەكيكانى تاكەكانى ناوكۆمەڵ و داموودەزگا ئيدارى و سەربەخۆكان هەرەشەێكە بۆ هەموو ئەو دەسكەوتانەى كە خەڵكى كورد تاكو ئێستا بە دەستى هێناوە.

مەرجەعيتێك دوور لە دەسەڵاتى سياسى و سەربازى لايەنە سياسيكان، دەسەڵاتێكى دەروونى كە هەموو تاكيكى كورد و داموودەزگا سەربەخۆكان بە خاوەنى خۆيانى بزانن و رووى تێبكەن لە كاتى تەنگانەدا، لەهامان كات هەموو كەسێك رێزێكى تايبەتى بۆ هەبێت كە هيچ هێزێكى سياسى نەتوانێ كاريگەرى ئەوتۆى لەسەر هەبێت بۆ بەكارهێنانى بۆ بەرژەوەنديە تەسكەكان. مەرجەعيەتێك كە لەرووى سياسيەوە بێلايەن و سەر بەهيچ لايەنێكى سياسى نەبێت، تەنها لەژێر كاريگەرى پاراستنى بەرژەوەنديە گشتێكان بێت و هيچيتر.

مەرجەعيەتێ كە لايەنگيرو گرێدراوى هيچ لايەنێكى سياسى نەبێت و لەژێر كارتێكردنى هيچ بۆچوونێكى هێزە سياسێكان نەبێت. مەرجەعيەتێك كە تەنها كارەكانى پاراستن و بەرگرى لە مافە سەرەكێكانى تاكەكانى ناوكۆمەڵ و داموودەزگاكا ياساى، ئيدارى و سەربەخۆێكان بيت. مەرجعيەتێك كە هەموو فەلسەفەو بنەما سەرەكيكانى كۆمەڵگاى مەدەنى و ديموكراتى سەكۆى بيروبپچوونەكانى بێت، رێگاش بە هيچ لايەنێك نەدات، چى ئەوانەى دەسەڵاتى سياسى يان ئابوورى خۆيان بەكاردەهێنن بۆ بەرژەوەنديە تەسكەكانيان، يان ئەو لايەنانەى كە دەيانەوێ سياسەت و بۆچوونەكانيان بەسەر كەسانى تر زاڵ بكەن.

كوردستان بەگشتى، وە كوردستانى باشوور بەتايبەتى ئەمرۆ لە هەموو كاتێ زياتر پێويستى بە سەرۆكيك هەيە كە بە خاوەنى خۆى بزانێت و شانازى پێوەبكات لە كاتى

بەرپابوونی رووداوە سیاسێکانی کوردستان و ناوچەکە، بەتایبەت لە نوێنەرایەتی کردن و ناساندنی لە پەیوەندیە دیپلۆماسێکانی ناوچەکەو دەرەوە. سەرۆکێک کە بتوانێ رێگا لە هەموو ئەوانە بگرێت کە دژ بە بیرووڕای ئازاد و سەربەخۆ دوەستن و بە هەرەشەی دەبینن بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و تاکایەتێکانیان. سەرۆکێک کە بتوانێ رێگا لە هەموو ئەوانە بگرێت کە دەیانەوی بە ناووی جیاواز جیاوازەوە رێگا لە پرۆسە مەدەنی و دیموکراسیە تازە لەدایکبۆکەو سەرهەڵداوەکەی کوردستان بگرن، بیروبۆچوونە سیاسێکانی خۆیان بە راست دەزانن و دەیانەوێ بە زەبری دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بیسەپێنن بەسەر خەڵکی کورد.
خەڵکی کورد وخاکەکەی لە مێژووی خەباتی رابردووی گرفتاری نەبوونی سەرۆکێک و مەرجەعیەتێکی لەوجۆرە هەبووە، بۆیە وابەئاسانی لەلایەن هێزە ناوەکی و دەرەکێکانەوە یاری بەدووارۆژی کراوە، وبەرژەوەندێکانی خراوەتە ژێر هەرەشەو مەترسیەوە. تاکو ئێستا هیچ کام لە هێزە سیاسێکان نەیان توانیووە ببن بە مەرجەعیەتێک بۆ هەموو خەڵکی کورد، بۆیە بوونی سەرکردەێکی کوردی پێویستە بۆ ئەوەی هەموو کوردێک بە سەرۆک و خاوەنی خۆی بزانێت.
سەردانەکەی ئەم دووایەی سەرۆک بارزانی بۆ ئەمریکاو چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی گەورەترین وڵات کە ئەمریکایە، پاشان چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ سەرانی ئینگلیز، ئەو پێشوازیەی لێکرا وەک تاکە سەوۆکی کوردستان، وامان لێدەکات کە بیرێکی تەواو لە بووونی سرۆکێکی کوردستانی لەوجۆرە بکەینەوەو داوای هێنانە پێشەوەی بکەین.
سەردانەکەی ئەم دووایەی بارزانی ئەو راستییەی دەرخست و دووپات کردەوە کە کورد زۆر پێویستی بە سەرۆکێکی لەوجۆرە هەیە، کە بتوانێ بەناوی میلەت و وڵاتەکەیەوە بدۆی، لەهەمان کات جێ رێزێ هەموو کورد و دۆستانی کورد بێت.
لە ریگای ئەم بابەتەوە داوا لە هەموو رۆشنبیران و دڵسۆزانی کورد و خاکەکەی دەکەم کە فشارێکی گەورە بخەنەسەر لایەنە سیاسێکان و پەرلەمان کە هەرچی زووتر بارزانی بکرێت بە سەرۆکیکی دەروونی و مەرجەعیەتی خەڵکی کورد، بۆ ئەوەی بتوانێ رۆڵیکی ئەوتۆ ببینێ کە ساڵەهای ساڵە خەڵکی کورد چاوەرونی ئەوە بوون کە هەردوو لایەنی گەورەی سیاسی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بیبینن. پێویستە هەموو لایەکەکان کارێکی وابکەن کە سەرۆکێکی لەوجۆرە بۆ خەڵکی کورد درووست بێت کە هەموومان بتوانیین لە کاتی تەنگانە پەنای بۆببەین و بەرگری لە هەموو مافە مەدەنی و دیموکراسێکانمان بکات، و کارەکانی تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی گەل و خاک بێت.

Shah. wahab@gmail. com